# ئەفسانەی جەستەنامەکان

**کاوە عوسمان عومەر**
**(نەرویج)**

(١)

لە سەرابی شینا بووین
دەستم کردە ناو دەستی
تەزیوی ئەو،
بە گریانەوە وتی
گرفتار ئەو سەرنگووم بووانەن
فریای ڕێژنەبارانێکی
عەشقیش نەکەوتن.

(٢)

ئای! لە بەردەم زەریا
چ بێهوودەییەکی مەزنە
سۆراخکردنی هاوڕێ گومڕاکان
چی خۆسووتانێکی ترسناکی
سۆفیگەرانەیە،
لەباوەشگرتنی شەپۆلی،
گڕگرتووی ئۆقیانووسی کۆچ

(٣)

نامەی شەپۆلەکان
مەنێرە بە جەستە،
هەر جەستەیەو
پەڕەی نووسراوی
مێژوویەکە لە سەراب،
ئازیز نامەی جەستەکان
چیتر بە شەپۆلە سوورەکاندا
وەک بەلەمی وێڵی
ژێر باهۆزی
زستانی ڕەشی گڕگرتوو،
وێڵ و بزر مەکە،
تۆ نازانی لەم شەوە سوورەدا،
لە ئۆرکسترای مەرگێکی جوانا،
پەنجە میهرەبانەکانی دەریا
گفتیان بە ڕۆحەکانی بەرائەت داوە
کە چیتر زەردەخەنەکان نەسڕنەوە،
ئەمشەو جەستەکان بوونەتە ڕەنگاڵە
وەک فانۆسی کزسووتاوی،
نێو تەمتومانێکی چڕ،
چاوی ئەستێرە بووەهیمییەکان
ڕەوشەن ئەکەن.

(٤)

کە تۆ تەنیا چاوەڕێی گزنگت کرد
نامەجەستەکان



جارێکی تر..
بە ئۆتەی پیانۆی مەرگرێژ،
بە نێو ئۆقیانووسە دوورەکانا ڕژان،
هەر جەستەیەو وشەی هەڵکۆڵراوی،
نیشانە و تەلیسمی
یەکەم ئەشکەوتی،
باپیرانی ئاشقە
بە تیشکی ئاگری پیرۆز،
سەرنجدە ئازیز،
گەر ویستت یادداشتی نامەجەستەکان
لەسەر لەپی شەپۆل بنووسی
ئەبێت بە زمانی لم بدوێیت،
لە قووڵایی ئۆقیانووسیشا،
هۆنراوە بڵێی
چی فیردەوسێکی بەدنەفرەتی خۆشە ئێرە
ئەم کەنارە پڕ جەستەنامانە،
هەم تەمە، هەم خەوە، هەم تانەی ڕەو.
(٥)
سەیرە لەم تەنیاییە وەیشوومەیەشدا
هێشتا چرپەی غەمگینی
شنەبایەک دێت،
بە جەستە بچووکەکەی ئەو ئەڵێ
گرنگ نییە
ئێستا بخەوی،
بەبێ پێخەفی ئاوریشمی
با پێخەفت شەپۆل بێ و
تەمیش باڵگەی سەرت؛
گەر برسیشت بوو
خەمت نەبێ،
لەوالابوونی دەروازەکانی گزنگا،
پۆلە نەورەسی شین
لاسکەگەنمی دوورخەی نغرۆ
ئەکەن بەلێوە..
شەکارشەکاری تەزیوتەوە
ئیتر تۆ فیردەوسی
پشت ئۆقیانوسەکانت بۆچییە؟
هیچ نەبێ نەورەسەکان،
وەک فریشتەی،
بەهەشتێکی دڕندە نین.
(٦)
ئەو بەحسرەتەوە وتی
ئەبێ ئەو ئێستا
لەکەناری لمینا،
بهێڵن باڵە شکاوەکانی
خۆی بەرێ..
(٧)
هێشتا لمی کەنار،
ڕووەمەتی ڕەوشەنی ئەوی
لە ژێر ئاسمانێکی
ڕەنگ هەڵبزرکاو داپۆشیبوو،
بە چرپەیەکی لاواز وتی
من هەرگیز
ئەم شەپۆلە بچکۆلانەیە نانێژم،
تا هەتا هەتا
لە ناو ئەو لمە
سارد و بێ گیانە،
لە تەنیشتی ئەخەوم،
بووکەشووشەی لێو بەخەندەی
تەنیایی کەنارمە
ئەو شەپۆلە،
نابینی تا ئێستا
گەر دڵیشی
لە لێدان وەستابێ
لێوی بۆ مانگ
و
هەور
و
ئەستێرەکان
هەر زەردەیەتی
پێم وت
چۆنە چاو لێک نانێن و
کورتە خەوێکی
کۆچی دوور ناکەن؟
وتی خەمت نەبێ
ئەوەندەی نەماوە
سەکسیفۆنژەنی دەریا
بگاتە ئێرە و
مەستی خەزانی وەرینی
جەستەکانت بکات.
(٨)
دوور تەماشاکە ئازیز
لەم خوێنپژانە قرمزییە
ترسناکەی دەریاوە
پۆلە پەپوولەی شین
لە کۆڵەپشتە فڕێدراوە
پەرشوبڵاوەکانی کەنارە سپییەکان،
پۆل پۆل
بەرەو دەروازەی
ئاڵتوونی پەرادیسی ونا
بەڕێ ئەکەون،
پریشکەی باڵی سووتماکبوویان
تەواو نابێ
گەر بێ گیانیش بن،
جەستەی ئاویان
هەر لە فڕین بەردەوامە.